**وەزارەتی داد**

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٥**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی نۆیەم/ بڕگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠٠٧) بڕیارماندا بە:-**

**هەڵوەشاندنەوەی تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی بیارە لە ناحیەی بیارە .**

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی نۆیەم/ بڕگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠٠٧) بڕیارماندا بە:-**

**کردنەوەی تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە لە ناحیەی خورماڵ.**

**د. پشتیوان صادق عبدالله**
**وەزیـری داد بە(وەکالەت)**

---

**وەزارەتی پەروەردە**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥**

**بەپێی نووسراوی وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٧٧٤٣) لە ٢٠١٥/٤/١٤ بڕیاردرا بە :-**

**- کردنەوەی یەکەی بەرگری شارستانی لە دیوانی وەزارەت و گشت بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکانی هەولێر/ دهۆك / سلێمانی/ گەرمیان و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکوك/ بەشی خوێندنی کوردی و بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی وەزارەت لە هەولێر و سلێمانی و بەڕێوەبەرایەتی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان کە سەر بە کاروباری خزمەت گوزاری بێت و دیاریکردنی فەرمانبەرانی بە سوود وەرگرتن لە فەرمانبەری خزمەت گوزاری و پیشەییەکان بەپێ ی ئەم ڕێژەی کە لە نووسراوی وەزارەتی ناوخۆ لەسەرەوە ئاماژەی پێ کراوە هاتووە و لەخوارەوە دیاری کراوە.**

**١- ئەو فەرمانگەی ژمارەی فەرمانبەریان لە١٠٠ فەرمانبەر زیاترە(٨-١٠) فەرمانبەر**

**٢- ئەو فەرمانگەی ژمارەی فەرمانبەریان لە ٢٠-١٠٠ فەرمانبەر زیاترە(٧) فەرمانبەر**

**٣- ئەو فەرمانگەی ژمارەی فەرمانبەریان لە ٢٥- ٥٠ فەرمانبەر زیاترە(٦) فەرمانبەر**

**٤- ئەو فەرمانگەی ژمارەی فەرمانبەریان لە ٢٥ فەرمانبەر زیاترە(٣-٥) فەرمانبەر.**

**د. پشتیوان صادق عبدالله**
**وەزیـری پەروەردە**